خەبات www.xebat.net
یەک شەممە 2014/12/21 ژمارە (4708)
بۆ پەیوەندیکردن بە لاپەڕەی وەرزش: 07504475407 – Email: hawarmurtkaee@yahoo.com
وەرزش 14

# لەپاڵەوانێتی پێشمەرگەدا

## پارێزگاری هەولێر: جێی شانازییە ناوی هەولێر و فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی کوردستان لە ئینفۆرمیتەری FIDA ئاماژەی بۆ بکرێت

**ڕاپۆرت: هاوار مورتکەیی**

بە ئامادەبوونی نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر و بورهان ئەرگوشی بەڕێوەبەر گشتی دیوانی وەزارەتی پەروەردە و پشتیوان ئەحمەد سەرۆکی فەخری یانەی خانزاد و ژمارەیەک لە هەوادارانی شەترەنج، پاڵەوانێتی شەترەنجی یانەکانی پارێزگای هەولێر لە هۆڵی یانەی خانزاد بەڕێوەچوو، ئەم پاڵەوانێتییەش کە لە ژێر ناوی پێشمەرگەیە لەلایەن یەکێتی شەترەنجی هەولێر بەچاودێری لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان ڕێکیخستووە کە 12یانەی سنوری پارێزگای هەولێر کە 64 شەترەنجزانی کچ و کوڕ و لەهەموو ئاستەکان بەشدارن.

لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی ئەم پاڵەوانێتییەشدا پارێزگاری هەولێر وتەیەکی پێشکەش کرد و تیایدا تیشکی خستە سەر ئەم قۆناغەی ئێستای هەرێمی کوردستان و ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە بەردەوامبوونی چالاکییە وەرزشییەکان لە لەم کاتەدا کە هەموو جیهان چاوی بڕیوەتە ئەو هەرێمە لە بەرەنگاربوونەوەی داعش و ناونانی ئەو چالاکییەش بە ناوی پێشمەرگەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەروەها نەوزاد هادی گوتی: جێی خۆشحاڵییە کە دەبینین یانەی شەترەنجی خانزاد لە مەحافلە نێودەوڵەتییەکان



نوێنەرایەتی کوردستان دەکات و لێرەوە دەمەوێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکەم کە ڕێکخستنی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی شەترەنجی کوردستان لە هەولێر و هاتنی شەترەنجزانانی وڵاتانی ئەورووپی ودواتر ئاماژە پێدانی ناوی هەولێر و فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی کوردستان لە ئینفۆرمیتەری فیدادا هەموو ئەمانە جێگای خۆشحاڵی و دەسکەوتی گرنگە بۆ هەموو لایەکمان.

دواتر بورهان ئەرگوشی بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی پەروەردە وتەیەکی پێشکەشکردوو و ئاماژەی بەگرنگیی شەترەنج کرد لەدەوڵەمەندکردنی هزری قوتابیان و لەم شۆنگەیەشەوە ئەوە بۆ ساڵی دووەمە ئەو وانەیە لە قوتابخانەکاندا لەپاڵ وانەکانی تر دەخوێندرێت و گوتی: وەکو وەزارەتی پەروەردە دریغی ناکەین لەم پرۆسەیەدا و دەمانەوێ حکومەتیش ڕۆڵی خۆی هەبیت لە پێشخستنی شەترەنج لە کوردستاندا.

جێی باسە یانە بەشداربووەکانی پاڵەوانێتی شەترەنجی پێشمەرگە بریتییە لە خانزاد، ئەکاد، کاپابلانکا، کۆیە، جیهان، پێشکەوتن، زێرەڤانی، دێرینەکانی خانزاد، لاوانی خانزاد، تیپی کچانی خانزاد، ڕەواندوز، ئاسۆ، ڕۆژانەش جەولەکان لەلایەن ناوبژیوانان دیار حەمەساڵح و عەبدولعەزیز ئەسوەد و هاوار حەمەساڵح بەڕێوەدەبردرێن.

## پێشمەرگەی هەولێر بووە پاڵەوانی تیروکەوانی یانەکانی هەولێر

**ئا: سەرهەنگ هەولێری**

بەئامادەبوونی تاهیر سابیر بەڕێوەبەری وەرزشی هەولێر لەیاریگای بەڕێوەبەرایەتی وەرزشی هەولێر بەسەرپەرشتی یەکێتی تیروکەوانی لقی هەولێر، پاڵەوانیەتیەک بۆ یانەکانی شاری هەولێر و دەوروبەری سەرکەوتووانە ئەنجامدرا، لەپاڵەوانیەتیەکەدا یانەی پێشمەرکەی هەولێر بەکۆکردنەوەی 217خاڵ توانی پلەی یەکەمی پاڵەوانیەتیەکە بەدەست بهێنێت، هەر یەک لەیانەی هندرێن بەکۆکردنەوەی 169خاڵ پلەی دووەم ویانەی قەڵای تورکمان بەکۆکردنەوەی 145خاڵ پلەی سێیەمیان دەستبەرکرد.

لەمبارەیەوە دەلیل عەزیز سکرتێری یەکێتی تیروکەوانی لقی هەولێر بۆ وەرزشی خەبات ڕایگەیاند: بێگومان ساڵانە وەک یەکێتی تیروکەوانی لقی هەولێر هەڵدەستین بەسازدانی پاڵەوانیەتیەک بەچاودێری لیژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستان بۆ یانەکان هەولێر، ئەمجارەیان پێش هاتنی ساڵی تازە بەباشمانزانی پاڵەوانیەتیەک بۆ یانەکان ڕێکبخەین، خوشبەختانەیش پاڵەوانیەتیەکەمان بەبەشداری 7یانە بەشێوەیەکی سەرکەوتوو ئەنجامدا . دەلیل عەزیز لەرێگەی ڕۆژنامەکەمان بەناوی خۆی و ئەندامانی یەکێتیەکەیان سوپاسی بەڕێوەبەرایەتی وەرزشی هەولێری کرد بۆ دابینکردنی یاریگای بەڕێوەبەرایەتی وەرزشی هەولێر بۆ ئەنجامدان وسازدانی پاڵەوانیەتیەکە .

## لقی 2 ڕیز لە دوو پاڵەوانی لەشجوانی کورد دەگریت



دوای سەرکەوتنی ئەحمەد رامبۆ بەپلەی یەکەم لە پالەوانیەتی لەش جوانی (مستەر یونیڤرس) کەتێدا (32) ولاتی جیهانی لە ولاتی فیلەندا ئەنجامدرا و مەدالیای زێری بەدەست هێنا ، هەروەها سەرکەوتنی یاریزان سەردار ئیسماعیل بەپلەی پێنجەم و بەدەستهێنانی کوپ لە پالەوانیەتی (ئارنۆت کلاسیک) بۆ لەش جوانی کە (110) ولات تێدا بەشداربوو لە مەدرید کەتەنها بۆ یاریزانە یەکەمەکانی سەرپاڵەوانیەتەکانی جیهان بەڕێوەچوو، بۆ ڕێزلێنان و دەستخۆشی لە هەردوو یاریزانی نێودەولەتی کورد کە وەک هەرێمی کوردستان بەفەرمی بەشداریان لەم پالەوانیتیە کردبوو وعەلی حوسێن بەرپرسی لقی دوو بە ئامادەبونی کارگێرانی لق و بەرپرسی ناوچە و نوسینگە وپێشوازی لە هەردوو یاریزانی کوردی لەشجوانی ئەحمەد رامبۆ و سەردار ئیسماعیل کرد. بەرپرسی لقی دوو دوای دەستخۆشی و پیرۆزبایی، تیشکی خستە سەر هەموو ئەو دەسکەوت و پێشکەوتنەکانی بواری وەرزش لە هەرێمی کوردستان، هەروەها رۆلی وەرزشکارانی کوردیشی لە هەموو ئاستەکانی وەرزشدا چ لە خولە نێودەولەتی و عەرەبی و عێراقی و کوردستانیدا سەرکەوتن و پێشکەوتنی گەورەو خەلاتی نایابیان بەو مەبەستە بەدەست هێناوە کرد و ئەمەش بوەتە شانازیەک بۆ ئەزموون و کیانی دیموکراسی لە کوردستان، پاشان خەلاتی تایبەتی لقی دوو بەخشرایە هەردوو یاریزان .

**کەیفی هادی**

## بەژمارە.. بایرن بەهێزترین هێڵی بەرگری ئەوروپایە




لە خولی ئیسپانی بەرشلۆنە خاوەنی بەهێزترین هێڵی بەرگرییە کە لە 16یاریدا تەنها 7گۆڵی لێ تۆمارکراوە. هەروەها یانەی یۆڤنتۆسیش بەهێزترین رکابەری یانەی بایرن میونخی ئەلمانییە لەسەر نازناوی بەهێزترین هێڵی بەرگری کە 6گۆڵی لێ تۆمارکراوە. یانەی بایرن میونخی ئەلمانی پێشەنگی بەهێزترین هێڵی بەرگری ئەوروپای گرتووە، کە تاکو ئێستا تەنها 3 گۆڵی لێ تۆمارکراوە لە بۆندسلیگا، چێلسی ئینگلیزیش خاوەن بەهێزترین هێڵی بەرگری خولی ئینگلیزییە بەیەکسانی لەگەڵ ساوسهامپتۆن کە تەنها 13گۆڵیان لێ تۆمارکراوە. لە خولی ئیسپانیاش یانەی بەرشلۆنە خاوەنی بەهێزترین هێڵی بەرگرییە بە 7گۆڵ لە 16یاریدا یۆڤنتۆسیش لەخولی ئیتاڵیا تەنها 6جار تۆڕەکەی هەژێندراوە لە16یاری. دوای ئەوەی لەیاری رابردوو بایرن توانی بە 2گۆڵی بێ بەرامبەر لەیانەی فرایبۆرگ بباتەوە توانی ژمارەی شتوتگارت لەوەرزی 2003-2004بشکێنێت کە لە 16یاریدا تەنها 4گۆڵی لێ تۆمارکرابوو لە بۆندسلیگا.

## ئەنتۆنێلا چاوەڕێ دەکات بەفەرمی ببێتە هاوسەری مێسی

لەم دواییەدا پڕوپاگەندەکان باسی پەیوەندی ئەنتۆنێلا رۆکۆزۆ دەکەن کە چاوەڕێ دەکرێت ئەم پەیوەندییەی ناوبراو لەگەڵ مێسی ببێتە هاوسەرگیرییەکی فەرمی بۆ ماوەیەکی کورت. لەمبارەیەوە رۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆ لەسەرچاوەکانی هەواڵی ئەرژەنتینی بڵاویان کردەوە کە مێسی و دۆستەکەی هەستاون بەسەردانیکردنی شاری بوندوقیەی ئیتاڵی، هەروەها لەوێ لەو هۆتێلە ماونەتەوە کە هونەرمەندی ناوداری ئەمریکی جۆرج کلۆنی تێدا هاوسەرگیری لەگەڵ پارێزەرێکی بەرەچەڵەک لوبنانی ئەمەل عیلمەدین کرد، چاوەڕێ دەکرێت بەهەمان شێوە ئاهەنگی هاوسەرگیری مێسیش لەوێ بەڕێوە بچێت. مێسی بەر لەماوەیەک دانی بەوە نابوو کە کچەکەی تیاگۆ گرنگترین شتە لەژیانی، بۆیە دەیەوێت هاوسەرگیری لەگەڵ دایکی بکات. رۆژنامە کاتەلۆنییەکە وادەی هاوسەرگیرییەکەی دیاری نەکرد، بەڵام ئاماژەکان ئەوە دەردەخەن کە لە پشووی زستانە بێت، چونکە مێسی لەهاویندا بە پاڵەوانێتی کوپا ئەمریکا خەریک دەبێت.

